ئاژەی دەستدرێژیکردنە سەر پیاوان لەلایەن ژنانەوە لە عێراقدا بەرزبووە

بەغدای پایتەختی عێراق پەشۆوی پارێزگاکانی عێراق دەکات لەووی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەلایەن ئافرەتانەوە دژ بە پیاوان، لەکاتێکدا ئاژەی دەستدرێژیکردنە سەر پیاوان لەلایەن ژنانەوە لە عێراقدا گەیشتە نزیکەی 17%.

عەدنان حەممود، بەڕێوەبەری پاراستنی خێزان و منداڵان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە میدیاکانی ڕاگەیاند، "حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر پیاوان لە عێراق 17ـی هەموو حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی پێکدەهێنن، کە زۆربەیان لە بەغدای پایتەختە".

بەڕێوەبەری پاراستنی خێزان و منداڵان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕوونیکردەوە کە "حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان دەگاتە 55%، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان دەگرێتەوە"، بەبێ ئاماژەدان بە ژمارەی حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان.